## تاقە دار

بۆکان و ڕووداوەکانی زۆر کەم لە ڕۆمان و چیرۆکدا ڕەنگیان داوەتەوە و ئەوە کەمایەسییەکی گەورەیە لەبەر ئەوەی فیلم و شانۆنامە گەلێک جار لەسەر بنەمای چیرۆک دەخوڵقێن و بە نەبوونی چیرۆک ئەو دەرفەتە گەلێک کەم دەبێتەوە، ئەوەش جیا لەو ڕاستیەی کە خەیاڵی ئازادی چیرۆکنووس دەتوانێت هەندێ لایەنی سایکۆلۆجیک و دەروونی مرۆڤەکان دەربخات، کە توێژینەوەی وشک و ڕەق و تەقی توێژینەوان هەرگیز پەیان پێ نابات.

واهەیە گرنگترین سەرچاوە بۆ چیرۆک نووسینی سەبارەت بە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری، چیرۆکەکانی شەهید حەسەنی قزڵجی بن لە کتێبی "پێکەنینی گەدا" دا، کە کۆمەڵگای بۆکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستم دەردەخەن.

من هەوڵ دەدەم لە بەشەکانی دیکەی ئەم زنجیرە وتارەدا "بۆکان" و خەڵکەکەی لە ڕوانگەی چیرۆکنووساندا بناسێنم و ئەم کارە بە کتێبی "تاقە دار" نووسینی کاک ئەنوەر ئێران زادە دەست پێ دەکەم.

نووسەر لە کتێبی سەرنجڕاکێشی تاقەداردا – کە تایبەتمەندیی چیرۆکێکی سەرکەوتووی ئەمڕۆی تێدا بەدی دەکرێت، ئاوڕێک لە بۆکانیش دەداتەوە. چیرۆکەکە بە گشتی لە مەهاباد و تاران ڕادەبرێت بەڵام لە باسی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ١٣٥٧ دا، کە گەیشتە ئەنجامی هەرەسی رژیمی شایەتی و هاتنە سەرکاری مەلاکان، کاتێ باسی یەکەم خۆپێشاندانی خەڵکی شاری مەهاباد بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر "عەزیزی یۆسفی" دەکات(لاپەڕە ٣٨٤)، دەڵێ هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوە خەڵکی بۆکانیش خەباتی خۆیان دژ بە هێزی چەکداری ڕژیم دەست پێ کرد، ئینجا کار و چالاکی سیاسی خەڵکی مەهاباد و بۆکان لەرابردوەوە پێکەوە دەبەستێتەوە. واهەیە ئەو شێوە بۆچوونە بنەماییە ڕەنگدەرەوەی ژیانی نووسەر خۆی بێت کە لە لایەن باوکەوە بۆکانی و لە لایەن دایکەوە مەهابادییە. هەرچۆنێک بێت هەڵوێستی نووسەر بۆ زەق کردنەوەی ئەو یەکیەتی و هاوخەباتییەی خەڵکی ناوچەکە جێگەی ڕێزی تایبەتە.

ئینجا نووسەر ئاوڕێک لە مێژووی کۆن دەداتەوە و هاتنی ترکە ڕەشەکانی ئاسیای بچووک بۆ ناوچەکە و زوڵم و زۆری ئەوان لە خەڵکی شاری بۆکان دەخاتە ڕوو و خەباتی خەڵک وەک ڕەنگدانەوەیەکی سروشتی لە بەرانبەر ئەو بێدادگەرییانە دەناسێنت.

لە درێژەی باسەکەدا نووسەر دەچێتە سۆراغی ڕاپەڕینی هاوکاتی خەڵکی شاری بۆکان بە ڕێبەرایەتی نەمران "حاج قاسم کەریمی" و "عەبدوڵڵا ئێرانی" و ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٣٣٢[١٩٥٣] کە بەهۆی کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی هەمان ساڵ تووشی شکان هاتن و ئاغاواتی شار و دەوروبەری جارێکی تر دەسەڵاتیان سەندەوە.

لە کتێبەکەدا گرنگایەتی تەواو بە دەوری حاجی قاسم و عەبدوڵڵا ئێرانی دراوە – کە دوور لە ڕاستی نییە، بەڵام واهەیە مافی میرزا حەمە ڕەئوفی خەیات و عەلی میرە بەگ و حسێنی فاتحی

وەک ڕێبەرانی دیکەی خەباتەکە و بە تایبەت حسێنی فاتحی – وەک بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆکان، بە تەواوی نەدرابێت.

لە لایەکی دیکەوە، بە گوێرەی وت و وێژەکانی ڕێزدار میرزا حەمە ڕەئوفی خەیات، لەگەڵ کاک ئیسماعیل ئیسماعیل زادە کە بەم زووانە لە ماڵپەڕی بۆکاندا بە دەنگی خۆی بڵاودەبێتەوە، نەمر عەبدوڵڵا ئێرانی لە چالاکانی حزبی دیموکرات بووە لە کاتێکدا حاجی قاسم پەیوەندی بە "جبهەملی" ئێران و دوکتۆر "سەنجابی" یەوە بووە و گەرچی بەرژەوەندیی هاوبەش و دوژمنی هاوبەش بووبوە هۆی خەباتی هاوبەشیان، بەڵام لە عەینی کاتدا هێڵی فیکری حزب و ئەندامەکانی سەداسەد لەگەڵ بەرنامەکانی جبهەملی دا یەکی نەدەگرتەوە.

ڕووداوی تەقەکردنی "نورانی" – واتە سەیدە شینە(کە لە کتێبەکەدا بە "سەید نورە" ناو براوە) لە عەبدوڵڵا ئێرانی و "ئەنوەر"ی کوری – کە نووسەری کتێبەکە بێت، دەوری سەید تەهای تەنەکە ساز و فەحە سنەیی و ئەحمەد یەدی لە ڕووداوەکان و هەروەها هەڵوێستی ئەفسەری فەرماندەی ژاندارمری لەو شتانەن کە لە کتێبەکەدا تۆمار کراون و بۆ ئەم کارە دەبێ ئەمەکداری نووسەر بین بە تایبەت کە ئەوەی تا ئێستا گوترابێت و زانرابێت ئەوە بووە هێزی ژاندارمری بۆکان دژ بە ڕاپەڕیوەکان وەستاوە و بە پێچەوانە، هێزی پۆلیس لەگەڵ خەڵکدا بووە.

هەرچۆنێک بێت، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت ڕۆمان ئاوێنەی باڵانوێنی ڕاستییەکان بێت لەبەر ئەو فاکتەی کە "خەیاڵ"ی نووسەرەهونەرمەندەکەشی ئامێتە کراوە - بەڵام زۆربەی هەرە زۆری بابەتە مێژووییەکانی ئەو بەشەی کتێبەکە کە (لاپەڕە ٣٨٤ تا ٤٠٣) لەگەڵ ڕاستیدا هاوشانن.

انور ایرانزاده، "تاقەدار"، ناشر:مولف، چاپ اول : ١٣٧٦[١٩٩٧]، تهران ٨١٦ صفحه، فارسی